# بەياننامەی سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان
## بەبۆنەی پێنجەمین سالرۆژی دامەزراندنیەوە

**لاوانی كۆڵنەدەر ....**

**هەلگرانی مەشخەڵی گۆرانكاری و چاكسازی و كرانەوەوئازادی و پێكەوە ژيان ..**

**لاوانی تێكۆشەری رێگەی مەدەنیەت و ديموكراسيەت و يەكتری قبوڵ كردن ...**

**رچە شكێنەكانی دژايەتی كردنی گەندەڵی وناعەدالەتی و توندوتيژی و پەراويزكەوتن...**

ئەمرۆ 2006/12/23 پێنج ساڵ تێدەپەرێت بەسەردامەزراندنی سەنتەرەكەتان ,سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان ،ئەو سەنتەرەی لەكاتێدا دامەزرا كە كوردستان لە هەموو كاتێك زیاترو لە هەموو شتێك زۆرتر پێویستی بە دامەزراوەيەكی سەربەخۆی مەدەنیانەی وەك سەنتەر هەبوو كە بەدەر لە جياوازی بيروبۆچونەكان خەبات بكات بۆ بەديهێنانی خەونەكانی لاوان، سەرەتا لە سلێمانی و دواتر لە شارو شارۆچكەكانی تر دەرگای والاكرد بەروی لاواندا ,ئەو لاوانەی كە خوليای شوێنێك بوون بۆ حەوانەوە وسەكۆيەك بۆ راگۆرینەوەومەيدانێك بۆ كەوتنە گەرِی بەهرەو تواناكانيان, ئەو سەنتەرەی كە هەر لە سەرەتاوە خەمی گەورەی ئاشت كردنەوەی لاوان بوو لەگەل خۆيان و كۆمەڵگاو نيشتمانەكەيان و، بە گژدا چونەوەی بێ باكی وخەمۆكی و دواكەوتويی و بێ دەنگی و سەركوت كردنی كردبووە ئامانج .

سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان وەك ئەزمونێكی ناوازەی مەيدانی كاری مەدەنيانەی نێو لاوان ,بە هۆی هەوڵ و ماندوو بونی لاوە خوێن گەرمەكانیەوە توانی دەستكاری سنورە قەدەغە كراوەباوەكانی نێو دونیای سیاسەت وكۆمەڵگا بكات ولاوان رابهێنێت لە سەر وتنی نەخێر بەرامبەر كارە دزێوەكان و ناعەدالەتيەكان ,لەهەمان كاتدا توانی نەوەيەك لە لاوانی چالاك و هۆشيارو هەست زيندوو بەرهەم بهێنێت كە كۆت و بەندەكانی حزبايەتی نەتوانن رێگربن لە بەردەم تەقينەوە ی بەهرەو لێهاتنەكانيان.

شانازييەكی بەردەوامە بۆ سەنتەر كە هەرگيز لە بەرنامەيدا نەبووەو نابێت كە لاوان بە ئاراستەيەكی سياسی و حيزبيدا بەرێت وبيانكاتە ئەندامی رێكخراو، بە پێچەوانەوە خۆی بە هی هەموو لاوێك زانيوە ودەزانێت وماف بە هەموو لاوێكيش دەدات كە سەنتەر بە ماڵی خۆی بزانێت و وێرای جياوازيەكانيان، رێزو پێكەوە ژيان و خۆشەويستی زاڵ بێت بەسەر لێك دابران و بەرامبەر يەك وەستان ،گفتوگۆ و راگۆرينەوە جێگەی زەبرو زەنگ وسرِينەوەی يەكتری بگرێتەوە.

سروشتی كاری سەنتەرو رِاستگۆيی لەگەڵ دروشم و پەيامەكەيدا ونزيكی لە خواست و پێداويستيەكانی لاوانەوە،برِواو متمانەيەكی ئەوتۆی لە دڵی لاواندا دروست كردوە كە بەردەوام لە دەوری كۆببنەوە و بەشداری چالاكيەكانی بكەن،ئەمەش گورو تين و جۆشێكی زياتری بەخشيوە پێمان كە هەردەم لە بيری داهێنانكاريدا بين و خزمەتی ناوازەيان پێشكەش بكەين.

سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان وێرای درێژەدان بەخزمەتەكانی لە بواری كردنەوەی خولە جۆربە جۆرەكان و سازدانی كۆرو سيمينارو پەرەپێدانی لايەنی رۆشنبيری وزانستی وهونەری و وەرزشی وپەرەپێدانی پەيوەنديەكانی لەگەڵ دەزگاحكومی و رێكخراوە كۆمەك بەخشەكان و رێكخراوە مەدەنيەكاندا،پەيمان دەدات لە ساڵی نوێيدا بەردەوام بێت وزياترلەخەمی دەستەبەركردنی هۆكارەكان و ئامادەكردنی زەمينەی لەباردا بێت بۆ لاوان.

لەم كاتەدا كە ساڵيادی دامەزراندنی سەنتەرە، دەبينين گەلەكەمان پاش دەرچونی راپۆرتەكەی بيكەر_هاملتون، لەبەردەم مەترسی پاشەكشێی گەيشتن بە دەستكەوتەكان و لە باربردنی ئەزمونەكەيدايە بە هۆی گۆرِانكاريە چاوەرِوانكراوەكان لە سياسەتی نێودەوڵەتی ناوچەكەدا ,ئێمە لێرەدا هەروەك چۆن سەرجەم ئۆفيسەكانمان لە سەرتاسەری كوردستاندابەشدارێكی سەرەكی بوون لە هۆشياركردنەوەی لاوانداو هاندەرێكی گەورەن بۆ روبەرِو بونەوەو هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر مەترسيەكان،دوپاتی دەكەينەوە كە ئێمە بۆ داكۆكی كردن لە بەرژەوەنديەكانی گەلەكەمان لە ريزی پێشەوەداين ،بەلاّم دەبێ ئەو راستيەش بڵێين كە ئەركی سەركردە سياسی و بريارِبەدەستەكان لەوە گەورەترە كە خۆيان خەريك بكەن بە ململانێی حيزبی وشەرِی دەسەلاّت ودەستكەوتە كاتی و تايبەتيەكان وداهاتوی ميللەتەكەيان بير بچێتەوەو ئەزمونەكەمان بە ئاودا بدەن،گەر لەمەوپێش كەمتەرخەمی بوبێت ئەوا لەمەودا دەرفەت نەماوەو دەبێت ريزەكان يەكبخرێت بۆ رِوبەرِوبونەوەی مەترسيەكان.

هەر لەم بۆنەيەدا بە ئەركی خۆمانی دەزانين كە چەند داواكاری و پێشنيارێك بخەينە رووكەدەبێتە هاندەر بۆلاوان تاكو زياتر خۆشەويستی مرۆڤ و كۆمەڵگاو نيشتمان و نەتەوەيان لە لا دروست ببێت:

*با هەوڵەكان يەكبخرێن بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی لاوان و كۆكردنەوەی لاوان لە نێوەندێكی كاراو كاريگەردا .

*چرِكردنەوەی هەوڵەكان بۆ باشتركردنی باری گوزەرانی لاوان وئاسانكاری بۆ پرۆسەی هاوسەرگيری و دابين كردنی شوێنی نيشتە جێ بوون.

*هاوكاری كردنی ڕێكخراوه مەدەنیەكان و دەزگاكانی لاوان لەسەر بنەمای پرۆژەی باش و كاری بەسود.

*ناردنی وەفدی لاوان بۆ ولآتانی دەرەوە, بۆ سود وەرگرتن لە ئەزمونەكانیان.

*سازكردنی زەمینەی لە بار بۆ گفتوگۆكردنی بەرهەمدار لە نێوان دەسەلآت و لاوان لە هەموو ئاستەكاندا.

*دروست كردنی چەند ناوەندێكی توێژینەوە بۆ گرفتەكانی لاوان و دەستنیشانكردنی ڕێگەچارەكان و پێشكەش كردنی بە دەسەلآت و پەرلەمان بۆ دەركردنی بریاری پێویست لە سەر بنەمایەكی زانستی و واقیعی.

لە كۆتایدا پیرۆزبایی لەسەرجەم لاوان دەكەین وسلآو و ڕێزو پێزانینمان بۆ هەموو ئەوانەی كەلە دامەزراندنی سەنتەردا رۆلیان هەبووە،بە تایبەتی سلآوبۆگیانی پاكی براو دۆست وهاوكارمان خوا لێخۆشبوو( كاك بكر مارف )كەهەرگیز رۆلی بەرچاوی لە بیرناكەین و بەلێن بە روحی پاكی ئەوو سەرجەم دۆستان وخەمخۆرانی سەنتەر دەدەین كە هەردەم دوور لە دروشمبازی ,درێژە بەرەوتی كاری خۆمان بدەین وكۆسپ و لەمپەرەكان ماندومان نەكەن .

لەم بۆنەداو وەك ئەركێكی سەرشانمان بەرامبەر لاوان ڕایدەگەیەنین كە سەنتەرەكەمان هەستاوە بە ئامادەكردن و بلآوكردنەوەی پرۆژەیەكی تایبەت بەپرسی لاوان كە تیایدا( ناساندنێك بۆ لاوان ودەستنیشانكردنی خواست و ئەرك و ماف و گرفت و پێشنیاری ڕێگە چارەكان )خراونەتە روو.

جارێكی تر سالیادی پێنجەمی دامەزراندنی سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان پیرۆز بێت .

بێتە دی خەونەكانتان ، ئاكام دار بێت هەولەكانتان

ئۆفیسی گشتی

سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان

2006/12/23